## ئازادی هەلسوڕانی ئایینەکان  وئیسلامی سیاسی



**جەمال کۆشش**

25.11.2009

Jamal-hasan@ hotmail.com

**یەکشەمەی داهاتوو 29.11.2009 ، هاوڵاتیانی  سویسرا ڕاپرسیەکی گشتی ئەنجامدەدەن لەسەر**

**((ئایا مۆڵەت بدەن بە بینا کردنی منارە لە  پەرستگا و مزگەوتی ئیسلامیەکاندا )).**

((چەند زانیارییەکی پیویست: نزیکەی 20 ملیۆن موسڵمان لە کیشوەری ئەوروپا دەژین. 350 هەزار کەسیان لەسویسرادان کە سییەم ئاین پێکدەهینن. لەم ژمارەیەدا تەنها 10% بۆ15 یان ساڵی جاڕیک یان دوو جار هاتوچۆی مزگەوتەکان دەکەن. خەڵکی تورکیا بەپلەی یەکەم و کۆسۆڤۆ دووەم ڕێژەی بەرز پیکدەهینن. 300 ڕێکخراو ودەستەیان هەیە، زۆرترین ژمارەی بیکاری وهەژاری لە نیوئەماندا هەیە،بەشێکی بەرچاویان لەسەر بیمەی کۆمەڵایەتی دەولەت دەژین، بەزۆری ژنان کارناکەن. ژمارەی ئەندامانی خیزانیان زۆرەو چیگای حەوانەوەو ژیان کردنیان بچووکە.

لەسەراسەری سویسرا ژمارەیەکی زۆر مزگەوت هەیە، بەلام 4 منارەیان هەیە لە شارەکانی جنیف وسۆلۆتۆرن و زوریخ و فینتەرتوور، شوێنی عیبادەتەکان لە سەرداب و گەراج و خانووەکۆنەکاندا هەروەک لە ئۆفیس وهۆلەکانیشدا هەن.

لەئایاری 2007 ەوە پارتی گەلی سویسرا پیشنیاریکی دایە هاوڵاتیانی سویسرا کە تیدا داواکراوە کە بینا کردنی منارە قەدەخە بکرێت لە سویسرادا . ئەمەش پیویستی بەگۆڕینی دەستوور هەیە. بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا توانیان ئیمزای دروستی 113 هەزار کەس کۆبکەنەوە ، بەمەش هەموو ئەو مەرجانەیان تەواو کرد کە پەرلەمان پیویستیەتی تا بیخاتە بەردەم سەرجەم هاوڵاتیان بۆ دەنگدان لەسەری تا لەدەستووردا جیگای بۆ بکەنەوە. هەرچەندە ڕاپرسیە سەرەتاییەکان  ئەوە دەردەخەن کە خەڵک بەگشتی دەستپیشکەرییەکە رەد دەکەنەوە. بەڵام لەم ماوەیەدا گەرمترین  جەدەلی سیاسی نیو میدیا و حزب ودەولەت بووە. سەرۆکی دەولەت ووەزیری دادو کۆمسیۆنی دژی راسیزم و پەرلەمانی سویس هەموویان هەلوێستی فەرمیان لەدژی دەستپێشکەرییەکە ڕاگەیاندووە)) .

**ئەم پرسە و ئەم گرفتە بە شاقووڵی  شۆڕ بووەوە بۆ نێو مافەکانی هاوڵاتیان و پاراستنیان و بۆ سەر ڕەخنەوبەرگریکاران و پەیرەوانی  سەرجەم ئایینەکان  وبەتایبەت ئیسلام وئیسلامی سیاسی.**

**لەڕاستیدا پێویست دەکات ئینسان ئەم تێهەڵچوونە سیاسی -کۆمەڵایەتی یە لە نیوان بەرەکاندا شرۆڤە بکات، پۆلی ڕاست و کریستیانە توندڕەوەکان کە خاوەنانی ئەم پرۆژەیەن لە هۆکاری داواکانیان بکۆڵیتەوە، پۆلی نێوەند کە بەجۆرێک خۆی بەمیراتگری ترادسیۆنی تولیرەنس و دیموکراسی ودەوڵەتی یاساو پارێزگاری لە هاوسەنگی نێوان لایەنەکان  دەزانیت وبەهەمان شیوەش ئەو کردەوانەی ئیسلامی سیاسی بۆ پاریزگاری کردن لە نۆرم ورەمزەکانی هەبوونی پەرستگاکان بە منارەوە تاوتوێ بکات و ئەوسا بۆچوونەکان دەربربردرین. مەبەستمە بڵیم کە ئەم کێشمەکێشە**

له نیو دسکۆرسێکی تایبەت و مێژووی کۆمەڵایەتی وسیاسی دا هەلسەنگینریت و لەخۆیدا بەرئەنجامی پرۆسەیەکەو دابڕاو نیە لە مێژووەکەی و لە بزووتنەوەکان. بەلام من لێرەدا ئەو دەروازەیە ناکەمەوە ، هەوڵدەدەم لە دەرفەتی تردا گشت پرۆسەکە لە نووسینیکی تەسەلتردا و لەگەل چەند نووسەری تردا بەیەکەوە لەشیوەی کتێبدا بلاوبکەینەوە. ئەوەی دەمەوێت لەم نووسینەدا دەریبانبڕم ، چەند مەسەلەیەکی بونیادین لەپەیوەند بەئازادییەوە و بەئازادی هەلسورانی ئایینەکانەوە.

لە جەرگەی خودی ئەم جەدەلە فکری وسیاسیەدا بوو ئەم بابەتەش یانی ئاسۆو جیهانبینی ئازادییەکان، مافی هاوڵاتیان ودانیشتوانانی سەر زەمینی سویسرا وەک بابەتیکی واقعی، فەلسەفی،یاسایی، ئەخلاقی، لە نێو سەرجەم سیستەمی دیموکراسی سویسرادا سەریدەرکرد و لە هەندێک بواردا پێشڕەوی کرد. هەر ئەو جەدەلە تیۆریی و فەلسەفی و حقووقییانەشن شێوازی دەرکەوتنی هۆشیارانەی چینەکانن وە هەر ئەمەشە کە دەتوانیت هۆشیارییەکی تەندروست بلاوبکاتەوە کە لە ئاژاوەی ڕاسیستی و لە نەخۆشی ئایینی کۆمەڵگا بپارێزێت. دەمێک کە سنووری ڕەخنەی ڕیشەیی لەسەرخانی سیاسی کۆمەڵگا لە جیهانبینی دیموکراسی و سکۆلاریزمی باوو خاوەن دەسەلات و ئۆرگانەکان تیدەپەڕیت.

ئەم ڕەهەندە بەگشتی لە نێو فکرو سیاسەت و فەرهەنگی کوردیدا لاوازو ئالۆزە. مافی خۆدەربڕین و خۆنواندن وچالاکی چ بەتاک وچ بەکۆ. چ ئاینی و چ نائاینی . چ ئازادییەکیان بۆ هەلسوڕانیان هەیە؟ چ مافیکیان بە تاک و بە کۆ هەیە؟ لە دەستووردا و لە ژیانی واقعیدا چۆنن؟

من لە گۆشەی هەمان بابەتەوە، بەبەرتەسکیەکی دیاریکراوەوە هەولدەدەم، یانی هەر لەباری خۆنواندن و گوزارشت لەخۆکردنەوە و گەیاندنی پەیامەکەت بەوانی دی ڕاڤەیەکی کورت دەکەم.

بەباوەڕی من مەسەلەی دەستکۆتا کردنی دین یان هەر دیاردەیەکی تر لەچەشنی ڕاسیزم و نەتەوەپەرستی و جیاخوازی و ...پێویستی بە بەشداری خەڵک وروونکردنەوەو جەدەل هەیە. هیچ کات زەبروهیز بەکارنەهینرێت بۆ زەوتکردنی عەقیدە وچۆکدادانی یەک دانەکەسیش بۆ ئەوەی قەدەخەکردنی ممارسەی چالاکی ئاینی ، یان هەر عەقیدەوباوەڕیکی گروپی تر....مەسەلەکەش بەرگریکردن نیە لەکەمایەتییەکان، لە مافەکان، بەلکە تەنها ڕێگایەک کە بتوانیت ئاشتی و ڕاستی بەیەکەوە ئاشت بکاتەوە. کە بتوانیت ئازادی و عەقڵی زانستیانە بەیەکەوە گری بدات، کە بتوانیت هەلویستیکی ئاگایانەی جەماوەری وقیەمی دسپلینەکان دوو دیوی تەواوکەری بوون بن،

پرۆسەی ڕۆشنگەرییەکە کە ئینسان تیا لە هەموو شت پیرۆزترە وهەوڵدانەکان هەنگاو هەنگاو حەقیقەتەکان و حەقیقی ئازادی وئازادی واقعی ڕوونتروبەرجەستەتر بکەنەوە. بەبۆچوونی من قەدەخەکردنی نەتەنیا منارە بەڵکە مزگەوتیش لەڕیگای سەرکوت و یاساوە شێوازی دروست نین بۆ دەستکۆتاکردن یان کەمکردنەوەی کاریگەری بەڵکە ڕێگا دەگرێت لە ڕەخنەی ڕیشەیی لە دەزگای بونیادی فکرو سیاسەتی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و ئایینەکان بەگشتی. چەپاندن و حەرامکردن وبێدەنگککردن، لەڕاستیدا تاکە ئامرازو سوونەت وپەیڕەوی سەرکەوتووی تا ئیستا بەکارهاتووی خودی ئایینەکان و نوێنەرانی بوونە. <u>من لەگەڵ ئەوەم کە ڕێگا بدریت بە دروستکردنی منارەکان لە چوارچیوەی یاسا میعمارییەکانی سویسرا و ((بەرزی وجیگای...))</u> بەڵام هەروەک لە ڕۆژنامەکانەوە بڵاوکرایەوە چەندین کەس لەدەنگی زەنگی کلیسا بیزاربوونە، ئاوەهاش بڵند گۆی منارەکان نەبنە هۆی بیزارکردنی گەڕەک، وەک لەهەندێک گەرەکی لە ئەلمانیا ڕوویدا بوو.

عەیب و ئیرادوناتەواوییەکانی ڕەخنەگرتن لە ڕەمزەکانی ئیسلام وئیسلامی سیاسی، تەنانەت لەدیاردەی سەرپۆشی ئیسلامیانە بەهەموو جۆرەکانیەوە، لەمنارە. ڕەخنەگرتن نیە لە خودی ئیسلام و شەریعە ودەولەتەئیسلامی و گروپە

ئیسلامیەکان بەڵکە زیاتر مۆرکێکی کلتووری وناسنامەیی هەیە ڕووی لە ئەندامانی گروپێکی پێشتر پێناسەکراوە. ئەم دیدگایە، هەر چەند پشت بە فاکت و ستاتستیک بەستبێت، ترسی گەورەتر دەبێت، ترس لەکۆمەڵێکی بیانی سەرەتایی ئیسلامی بێکلتووروهیرشبەر بۆ سەر هەموو بایەخەکان و دەستکەوتەکان، کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە ئیسلامیزەکردنی ئەوروپا نێودەبرێت. ئالتەرناتیف تەنانەت تا دامەزراندنی دوو کۆمەڵگا تەریب بەیەکتر لەنیو هەمان کۆمەڵدا، دەڕوات. ئەمە تەواو ئیفلاسی سیاسی و فکری وفەلسەفی بۆرژوازی ئەوروپیە. وە لەبەرامبەر ئەم بۆشایی یەدایە کە ڕاسیزم وجوداخوازی مەیدان وەردەگرنەوە. ئەمەش دیموکراسی ئەمڕۆیە.

لەنیو سیستەمی دیموکراسیدا، پرسیار لە کرۆک، جەوهەر، مەبەست ، ئامانج ناکریت، پرسیار لە چۆنایەتی ناکرێت،پرسیار لە ئازادی واقعی ناکرێت. تەنانەت پەیوەندی دین و دەولەت، لە پێشکەوتووترین دەولەتی سکۆلاریشدا، بەشێوەی جیاوازو بەدەیان ڕایەڵ وپۆ بەیەکەوە بەستراونەتەوە و سەنگیان لەسەر دەولەت هەیە و ئاوێزانی یەکترن. لەم موبادەرەیەدا، هەرچەند هەندێک ڕەخنەی جددی بەرتەسک و یەکلایەنە لە ئیسلام وئیسلامی سیاسی گیران((بەزۆر بەشودان، سەرپۆش وبورکە، کوشتنی نامووسی، میرات، جێگاوڕێگای منالان، ستراتیژی خوێندن...))، بەڵام تیکەڵ بوو بەدیدگایەکی ڕاسیستی و لە نۆرمە کریستیانیەکان و لە بازنەی کەمپینی دژی بێگانەو لە دژی پەنابەرانەوە ئاراستە دەکرا. ئەو ڕەخنانەش دەبوونە بەش و پێکهاتەی نیشاندانی ئینسانیکی سەرەتایی وتوندوتیژ وترسناک وبێکلتوور. دیموکراسی دەتوانێت و دەشبیت لامان ئاسایی بێت کە ئەم جۆرە دیدگایەش بۆ ((پەنابەر، ئیسلام)) لە نێو خۆیدا جێبکاتەوەو ئەگەر نەڵێم کۆرپەی ئەو بێت. لەلایەکی دییەوە ئیسلامێکی خاوەن کتابمان نیە لەم دیدگایەدا، بەتەنیشت ئەم وێنانەوە، وێنەی ئیسلامێکی مۆدیرن و ئیمامیک بەپلەی زۆرباشی دەرچووی کۆرسەکانی ئیسلامی خوازراومان دەبینی. پۆلی نێوەند نموونەکانی خۆی لە سەنتەرەکلتوورییەکان و مامۆستای زانکۆو ناوەندی دیالۆگ و ماڵی ئایینەکانەوە دەهینیتە سەر شانۆی کێبڕکی یەوە.

ئیمە دەبیت ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەو سەرتاپا وهەمە رۆژە لە ئایین بگرین. لە کرۆکی ئاین، لە سیستەمی فکری و سیاسی وفەلسەفی و شەرع و دەستوورەکانی. ڕەخنەیەکی بەربڵاو وزانسییانە. پووکانەوەی رۆڵی ئایین، تەنها بەتوانای دابینکردنی ئازادی واقعییەوە هەیە.

بەشێک لەخەڵکی ئەوروپا بۆ خۆ قوتارکردن لە زەریبەی کەنیسە، خۆیان بە ئاتەئیست دەنووسن. ئەمە ئامرازێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایین، ئەم شێوازە ئەگەر موتوربە نەکرێت بە دەستکەوتەکانی تری ئینسانیەت لەدژی ئایینی مەسیحی، هیچ لەوە ئاسانتر نابیت لە حالەتی باشبوونی داراییی ئەو کەسە بگەڕیتەوە، یان ئەو کەسە بگوڕێت بۆ ئیسلام یان بۆ بودایی.... جگە لەوەی کە کەنیسەکان شێوازی یەکجار کارا بۆ دوورنەکەوتنەوەی پەیوەندییان بەخەڵکەوە دەدۆزنەوە، لەسیاسەتەوە تا پرۆژەی خیری جۆراجۆر... مەبەستەکەی من ئەوەیە کە بڵێم کاریگەرترین سیاسەت بۆ پوکانەوەی ڕۆڵی ئایین لە ڕوانگەی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئارام وئینسانی ، شۆڕشی فکری وسیاسی یە نەک سەرکوت ومەمنوعیەت.

ڕوویەکی گرنگی تر ئەو شتەی کە بە پیشەسازی ئایینی ناسراوە، دیروکەنیسەو ڕێکخراوەی خیرخوازو بودجەو مزگەوت وتەریقەت وکۆمپانیای گەورە گەورە، دەولەت پیویستە کە چاودیری هەموو چالاکیەکانیان بکات. سەرجەم هەلسوڕانیان بە ستاندارد وپێودانگەی کە زیانیان بۆ هاولاتیانی دی نەبیت، مۆڵەت بدرێن. هەموو ئەو توندوتیژییانەی یان هاندان بۆ نواندنی زەبروهێز و ئازاردان ، هەموو ئەو یاساو سیاسەتانەی لەگەل دەستکەوت و مافەکانی ئینساند ا نایەتەوە ،بڵاوکردنەوەیان و بەکارهینانیان قەدەخەبکرێن. پرۆسەی جیاکردنەوەی دین لە دەولەت تا هەموو بڕگەو جومگەکانی پەرەپیبدرێت و بەردەوام زانیاریی و کۆڕو میزگرد لەو بارەوە ساز بدرێت.